بە چەند کاتژمێرێک تونێلی دەربەندیخان دادەخرێت

بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی دەربەندیخان بڕاویکردووە، سبەینێ پێنجشەممە تونێلی دەربەندیخان لە کاتژمێر (10)ی بەیانی تا کاتژمێر (2)ی پاشنیوەڕۆ بە مەبەستی چاککردنەوەی ئاوەڕۆی تونێلەکە دادەخرێت.

بەڕێوەبەرێتییەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، لەکاتی داخستنی تونێلەکە ئۆتۆمبێلی بچوک لەتونێلی خوارەوە هاتووچۆ دەکات واتا بەسەر بەنداوەکەدا تێپەڕدەبن و دەچنەوە دیوەکەی دیکەی تونێل.

لەبارەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگریشەوە دەڵێت، "لەماوەی داخستنی تونێلەکە هەر لەزاڵگەی بانی خانەوە رادەگیرێن و ڕەگەیان پێنادرێت تێپەڕبن لە رووی ئۆدیویش لە سەریانی چیای بەرانان ڕەگریان لەدەکرێت و رادەگیرێن تا کردنەوەی تونێلەکە.